# کە کۆڵان دەبێ بە ماڵ، منداڵی نا تەندروست دروست دەبێ

ئێستا ئەگەر بەناو کۆڵانی گەڕەکە میللی و تازەکانی شاری هەولێر بگەڕێیت، دەیان منداڵ دەبینی کە لەبەر دەرگەکان یان دانیشتوون یان لە سەری کۆڵانەکاندا خڕبوونەتەوە، خۆ ئەگەر سەیرێکی شوێنە چۆل و باخچە دارزاوەکاندا بکەیت، دیسانەوە دەیان منداڵ دەبینی کە خۆیان بە یاری کردنەوە خەریک کردوە، هەندێکجار لێیان دەبێتەشەڕو زیان بە یەکتری دەگەیەنن و ئازاری یەکتر دەدەن، بەڵام ئایا هۆکاری کۆبوونەوەی منداڵ لە کۆڵان و شوێنە چۆل و باجچەکاندا چیە؟! ئایا کێ لێیان بەرپرسیارە؟! ئایا کۆڵان چ سوودو قازانج یان چ زیان و زەرەرێکی هەیە؟!

ئەگەر بۆ هۆکاری ئەو دیاردەیە بگەڕێینەوە، دەبێ زۆر لایەنی شاراوە هەڵبدەینەوە. بۆ ئەو مەبەستە بە باشمان زانی کە منداڵان و دایک و باوکانیان بدوێنین و رای ئەوان وەربگرین و بۆ ئێوەی بەڕێز بیانگوازینەوە:

سەرەتا لە گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر چەند منداڵێکمان دواند کە لە کۆڵانێکی نزیک بنکەی ئاسایش یاریان دەکرد، یەکێک لەو منداڵانە بە ناوی ئاراس گوتی: ئەمنیش حەز ناکەم بێمە کۆڵان و لەناو تۆز و خۆڵ دابنیشم، بەڵام ئەورۆ مۆلیدەی کارەبامان شکایە، ماڵەوە زۆر گەرمە بۆیە بەباشم زانی بێمە کۆڵان، لێرەش هەندێک هاوپۆلی خۆم دیت کە لێرە دانیشتبوون و سەیری مۆبایلێکیان دەکرد کە نوکتەو قسەی خۆشی تێدایە.

ئاراسی تەمەن ١٢ ساڵ گوتی: 'من دەزانم کە هاتنە کۆڵان باش نیە، چونکە زۆر جاران شەڕو هەرای لێ پەیدا دەبێ، بەڵام خۆ زیندانیش نین بەردەوام لە ماڵەوە دابنیشین؟!'

ئەو کاتەی ئێمە لەگەڵ ئاراس قسەمان دەکرد، چەند منداڵێل لەسەر نوکتە گێڕانەوە بەشەڕ هاتن، یەکێکیان نوکتەی گێڕابۆوەو توانجی لە ناوچەیەک دابوو، منداڵێکیش کە باوکی خەڵکی لەو شوێنەوە هاتوە، توڕە ببوو، جنێوی بەو منداڵە دابوو کە نوکتەکەی گێڕابۆوە، ئیدی بەرانگژی یەکتر بوونەوە، بەڵام ئێمە خێرا گەیشتینە لایان و ئەوانمان لێک کردەوە.

ئەو منداڵەی کە نوکتەکەی گێڕابۆوە، دەیگوت: 'من نەمزانی بابی ئەو برادەرەم خەڵکی ئەو شوێنەیە دەنا نەمدەگێڕاوە، بەڵام دەبایە ئەویش توڕە نەبێ وجنێو نەدات؟!'

پیرە پیاوێک کە پاسەوانی بیری ئاوە لەو گەڕەکە بە ئێمەی گوت: بەداخەوە هەندێک لە دایکان و باوکان منداڵ دروست دەکەن و رەوانەی کۆڵان و جادەیان دەکەن، هەندێک لەوان دەیانەوی منداڵەکانیان هەر لە کۆڵان گەورە بکەن. سەبارەت بەو منداڵانەی کە لە کۆڵان دادەنیشن، مام عەلی پاسەوانی بیری ئاو گوتی: 'ئەو منداڵانە کە دێنە کۆڵان هەم لەگەڵ یەکتری شەڕ دەکەن هەمیش خەڵک بێزار دەکەن، باوەڕتان هەبێ رۆژ نیە دەموچاوی یەکتر نەشکێنن و جنیو بەیەکتر نەدەن، دوایی ئەوان ئاشت دەبنەوە، بەڵام خەڵکی لەبەر هات و هاواری ئەوان خەویان لێ ناکەوێ، یان هەندێکجار پلوکە بەردیان بەردەکەوێ.

سەبارەت بە داهاتووی ئەو منداڵانەی کە لە کۆڵان گەورە دەبن، پرسیارمان لە خاتوو رەهێڵە حوسێن کرد کە وەک شارەزای بواری دەروونناسی کار دەکاتی، ئەو گوتی: 'پەروەردەبوونی بوون منداڵ لە کۆڵان و جادەکان کاریگەری خراپ لەسەر پەروەردە، لەشساغی و ئایندەی منداڵ دادەنێ، چونکە منداڵ بەلاڕێدا دەچن، بەهۆی تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ دەیان منداڵی جۆراوجۆر، هەندێک لەو منداڵانە پەنا بۆ خراپەکاری دەبەن، بەوهۆیەشوە زۆریان واز لە خوێندن دەهێنن.

خاتووسەبیجە کە پیشەی مامۆستای سەرەتاییە سەبارەت بەو دیاردەیە گوتی: 'بە بڕاوی من دایکان و باوکان بەرپرسیان، ئەگەر ئەوان ئاگایان لە منداڵەکانی خۆیان بێ، یان لەکاتی منداڵ دروست کردندا بیر لە داهاتووی منداڵەکانیان بکەنەوە و پێداویستی ژیانیان بۆ دابین بکەن، پێموایە من ناچێتە کۆڵان. منداڵ ئەگەر ژووری تایبەتی خۆی هەبێ، ئەگەر پێداویستیەکانی بۆ فەراهەم بکرێ، بۆ دەچێتە کۆڵان؟! بەڵام بەداخەوە زۆرێک لە دایکان بۆ ئیسراحەتی خۆیان منداڵەکانیان رەوانەی کۆڵان دەکەن و پێیان دەڵێن بۆ ناچن لەگەڵ منداڵان یاری بکەن؟! یان بۆ خۆیان رێگەیان پێدەدەن کە درەنگ بگەڕێنەوە ماڵ، کاتێک منداڵیش دەبینی دایکی یان باوکی لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە، گومان پەیدا دەکات و وا هەست دەکات کە ئەوان خۆشیان ناوێ، بۆیە ماڵی لێ دەبێتە دۆزەخ و حەز بە ژیانی کۆڵان و شەقام و گۆڕەپانەکان دەکات'



کاک م. عەبدوڵڵا کە لە یەکێک لە کۆڵانەکانی گەڕەکی شادی شاری هەولێر دوکانی هەیە، سەبارەت بەو دیاردەیە دەڵێ: 'راستە من حەز دەکەم کە کڕیاری زۆرم هەبێ، بەڵام باوەڕتان هەبێ تەواو بێزاربوویمە، هەندێک جار منداڵ بۆ شت کڕین رەوانەی لای من دەکەن، بەڵام پارەی کەمی پێدەدەن، ئیدی منداڵەکە حەزی دەچێتە هەندێک شت و بۆی ناکڕدرێ، بۆیە بیر لە دزیکردن دەکاتەوە. هەندیک جاریش لەبەر دەنگەدەنگ و شەڕی منداڵانی گەڕەک بیر لەوە دەکەمەوە کە دوکانەکەم دابخەم و لەو گەڕەکەش بگوازمەوە'

ئەو دوکاندارە دەیگوت: 'هەندێک منداڵ بەیانی دێتە دەرێ و لە کۆڵانەکان دەسوڕێتەوە، دواییش تا تادرەنگانێکی شەو لەبەردەرگە دادەنیشێ، بەڵام دایک و باوکی لێی ناپرسنەوە، هەوڵ نادەن کێشەکانی چارەسەر بکەن'.

کاک رەنج سلێمان کە بە سەردان لە ئەوروپاوە هاتبۆوە هەولێر و زانیمان لە سوید وەک سەرپەشتیاری گروپی منداڵان کار دەکات، سەبارەت بەو دیاردەیە پرسیارمان لێکرد، ئەویش گوتی: 'کێشەکە بۆ بێکاری و نەبوونی شوێنی کات بەسەربردن دەگەڕێتەوە، ئەگەر حکومەت شوێنی تایبەت بۆ یاریکردنی منداڵان دروست بکات، یان کۆرسی پەروەردەو فێرکردنی هاوینەیان بۆ بکەنەوە، یان گەشت و سەفەریان بۆ رێکبخەن، لەوانەیە منداڵان بەو شێوەیە لە کۆڵانەکان نەبیندرێن!'

رەنج دەڵێ: 'پشووی هاوین لێرە زۆر درێژە، منداڵ نازانێ بە چیەوە خۆی خەریک بکات، بۆیە ناچارە بچێتە کۆڵان و چاوی بە هاوڕێکانی خۆی بکەوێ، بەڵام لە ئەوروپا وێڕای ئەوەی کە منداڵ ژووری تایبەتی خۆی هەیە، هاوینان بە شتی تایبەتەوە خەریکیان دەکەن، هەروەها دایکان و باوکان رێگە بەمنداڵەکانیان دەدەن کە هاوڕێکانی خۆیان بهێنە ماڵەکانیان، بەڵام لێرە منداڵ مافی ئەوەی نیە بەبێ پرسی دایک و باوکی هاوڕێکەی خۆی بباتە ژوورەوە یان لە ماڵەوە یاری لەگەڵدا بکات.

رەنج دەڵێ: 'ئەگەر منداڵان لە گروپێک کۆ بکرێنەوەو گەورەیەک سەرپەرشتیان بکات و رێنوێنیان بکات، بەباشی باردەهێنرێن، بەڵام ئەگەر ئەوان بە تەنیا خۆیان بن بەس فێری شەڕو جنێودان دەبن. بەوهۆیەشەوە بۆ داهاتوو دەبن بە بارگرانی. منداڵ دەبێ رێنمایی بکرێ، رێی ژیانی پێشان بدرێ، تەنانەت تاقیکردنەوەکان سەلماندوویانە کە بێچوە گیانلەبەرەکانیش پێویستیان بە گەورەکانی خۆیان هەیە تا فێری چۆنیەتی خواردن پەیداکردن ببەن، یان چۆن خۆیان لە بەلا و ترس بە دوور بگرن، بەڵام لێرە منداڵ رەوانەی کۆڵان دەکرێ، لە ئازاردانی دیتران چێژ وەردەگرێ، بۆیە پەلاماری ئەم و ئەو دەدات و زیان بە خەڵک دەگەیەنێ، هەندێکجار هەر لە خۆڕاوە بەرد دەگرێتە شوشەی سەیارەو دەیانشکێنێ. ئەو جۆرە منداڵە لە داهاتوودا زیانی گەورە بە کۆمەڵ دەگەیەنێ، بۆیە دەبێ هەر لە ئێستاوە رێوشوێنی گونجاو بگیرێتەبەر'

**ئامادەکردنی: شازین و میدیا**

# کەربەلا بەرەو دواوە دەگەڕێتەوەو گۆرانی قەدەغە دەکات



لەسەر داواو پێداگری پیاوانی ئاینیی، رۆژی ٢٢-٦-٢٠١٠ ، ئەنجوومەنی پارێزگاری کەربەلا بڕیاری ژمارە ١١٤ی دەرکرد، کە گوێگرتن لەگۆرانیو تەماشاکردنی ڤدیۆکلیپی "نەگونجاو" قەدەغەدەکات، لەچێشتخانەو چایخانەو شوێنە گشتیەکاندا، هەر بەپێی ئەو بڕیارە هەڵواسین و پێشاندانی جلوبەرگی ژێرەوەی ژنان لەپێشانگەکاندا بە قەدەغە دەژمێردرێ.

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەربەلا، نسەیف جاسم خیتابی، بە مێدیاکانی گوتووە :(مەبەست لەم یاسایە، پاراستنی حورمەتو قودسیەتی شاری کەربەلایە)

ئێستا دانیشتووانی شارەکە بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن، دوکاندارەکان جلی ژێرەوەی ژنان لەشوێنی نادیار دادەنێن، تەنیا بەو ژنانەی پێشان دەدەن کە دەیانەوی بیانکرن، هەروەها شۆفێرەکان دەنگی ریکۆردەرەکانیان نزم دەکەن و ناهێڵن دەنگی گۆرانی لە دەرەوەی ئۆتۆمۆبێلەکانەوە ببیسترێن، بەڵام زۆرێک لە خەڵکی شارەکە ئەو بڕیارە بە دەستتێوەردانو پێشێلکردنی ئازادیە تاکەکەسیەکان لێکدەدەنەوەو دەخوازن ئەنجوومەنی پارێزگا چاو بە بڕیارەکە بخشێنێتەوە.

ئەگەرچی دەرچون و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە نیگەرانی لەنێو شاری کەربەلادا بڵاو کردۆتەوە، بەڵام نازاندرێ سنووری بڕیارەکە تا چەند بڕ دەکات؟!

هەرچەندە کەربەلاش شارێکی عیراقیە، بەڵام جیاوازی کەربەلا لەگەڵ شارەکانی دیکەدا ئەوەیە کە چەند مەزارگەێکی پیرۆزی شیعە مەزهەبەکانی تێدایە، بەوهۆیەوە ساڵانە هەزاران موسڵمان بۆ زیارەتکردن رووی تێدەکەن. بەوهۆیەوە پیاوانی ئاینیی شارەکە گوێگرتن لەگۆرانی لەشوێنە گشتیەکاندا وەک بێڕێزی چاو لێدەکەن، بە پێشێلکردن و سوکایەتی پێکردن لێکی دەدەنەوە.

ئەگەر جاران سەماکردن و لەبەرکردنی جلی کورتی ژنانە بە سووک سەیریان دەکرا، ئەوا ئێستا نمایشکردنی جلوبەرگی ژێرەوەی ژنان لەجامخانەی پێشانگەکاندا، هەڵواسینی وێنەی روت و وروژێنەری ژنان، فرۆشتنی فیلمی سێکسی، خواردنەوەی مەی، بەبیانۆی ئەوەی لە قودسیەتی شارەکە کەم دەکەنەوە، قەدەغە کراون!!

نسەیف جاسم خیتابی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەربەلا بڕیارەکە بە ئاسایی و یاسایی دەزانێ و پێیوایە کە هەر پارێزگایێک دەتوانێ تایبەتمەندێتی خۆی لەبەرچاو بگرێ و بڕیاری پی وەربگرێ، هەروەها بەدژایەتی دەستووری هەمیشەیی عێراق لێکناداتەوەو بە دەستدرێژیکردنە سەر ئازادیەکانی تاکەکەسیشی لێکناداتەوە.

لەدرێژەی لێدوانەکانیدا، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی کەربەلا راشکاواتە گوتویەتی: (دەکرێ گوێگرتن لەگۆرانی، سەماکردنو ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری لەماڵان، یاخود لەهۆتێلو شوێنە داخراوەکاندا بەرێوە بچن، هەروەها هیچ پێویست ناکات کە جلوبەرگی ژێرەوەی ژنانەش بخرێنە بەرچاوی خەڵکەوە)

بێگومان پیاوانی ئاینیی لە پارێزگای کەربەلا دەست لە هەموو شتێک وەردەدەن، خۆیان بە بەرپرسیاری خەڵک و گەورەتر لە حکومەت دەزانن، هەربۆیەش پێشتر چەندین جار گوتاربێژی مزگەوتەکان بە پارێزگاری کەربەلا دابوو کە ئەوان پەسندی ناکەن بێڕێزی بە قودسیەتی شارەکە بکرێ!! بۆیە نابێ لەشوێنە گشتیەکاندا دەنگی گۆرانی ببیسترێ، نابێ لە فەزای کراوەدا ئاهەنگی ژن گواستنەوە بەڕێوەبچێ و ژن و پیاو بەیەکەوە سەما بکەن!! نابێ چایخانەو چێشتخانەکان ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنیانە بکەنەوە کە ڤیدیۆ کلیپی وروژێنەر پێشان دەدەن!، یان فیلمی نەشیاو پێشان دەدەن. سەرەنجام ئەنجوومەنی پارێزگا چوە ژێر باری هەڕەشەو داخوازیەکانی پیاوانی ئاینیی و ئەو بڕیارەی دەرکرد کە بەهیچ شێوەیک لەگەڵ دیموکراسی و ئازادیەکانی تاکە کەس نایەتەوە.

ئەحمەد سافی، بریکاری عەلی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعەکان لەکەربەلا، لەگوتاری رۆژی هەینیدا دڵخۆشی خۆی بۆیاسا نوێکەی واتە یاسای 'پاراستنی قودسیەتی کەربەلا' دەربڕیو داوایشی لە خەڵک کرد کە بڕگەکانی ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن.

لەیاساکەدا هاتوە، هەر کەسێک پێچەوانەی رێنماییەکان بێت، بەپێی یاسای ٢٤٠ی یاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ سزادەدرێ. لەو مادەیەدا هاتوە 'زیندانیکردن بەمەرجێک لەشەش مانگ زیاتر نەبێو غەرامەکردنیش بەمەرجێک لەسەد دینار زیاتر نەبێت بۆ ئەو کەسانەی پێچەوانەی فەرمان"ی لایەنە پەیوەندیدارەکان رەفتار دەکەن. بەڵام شارەزایان پێیانوایە چونکە نرخی دراو گۆڕاوە لەوانەیە سزاکە بکرێتە سەد هەزار دینار.

لەمبارەیەوە پارێزەر ئەحمەد عەبدولحسێن نەسراوی بە ماڵپەڕی نیقاشی گوتوە کە غەرامەکەی ساڵی ١٩٦٩ بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ هیچ نییە ، بۆیە دادوەر بەپێی مەزەندە خۆی ئەو غەرامەیە دیاری دەکات'

ولاتیانی کەربەلا ئاماژە بەوەدەدەن کە بەر لەساڵی ٢٠٠٣ کەس رێگەی لەگوێگرتنی گۆرانی نەدەکرد، بەڵام ئەو بڕیارە گرفت بە دوای خۆیەوە دێنێ، سەرنجام سەرناگرێ و رەت دەکرێتەوە، چونکە بڕیارێکی کۆنەپارێزانەیە و لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێ. کەچی لە دوای هاتنە سەرکاری شیعەکان گۆڕانکاری ریشەیی بەسەر بارودۆخەکەدا هاتوەو سروتە ئاینیەکان بەرفراوان بوونەتەوە. لەبەر لاوازی دەسەڵاتی دەوڵەت لەساڵانی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٨، ئەندامانی میلیشیا چەکدارەکان خەڵکانی سڤیلیان کردبووە ئامانج، رێگەیان نەدەدا کە خەڵک لە شوێنە گشتیەکاندا گوێ لە گۆرانی بگرن. ئەوەش بڕیارو یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و حوکمی تالیبانی ئەفغانستان وەبیر دەهێنێتەوە. هەروەها باوەڕ ناکرێ کە هێزە پێشکەوتنخوازەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان ئەو بڕیارە بە کارێکی باش و گونجاو دابنێن، ئەوەش وا دەکات کە خەڵک هانا بۆ دەنگە ئازادەکان ببات، چونکە هەر لە ئێستاوە لایەنە نێودەوڵەتیەکان نیگەرانی خۆیان لەبارەی ئەم جۆرە یاسایانەوە دەربڕیوە. لەمبارەیەوە رێکخەری کارەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق UNAMI، عەلی کەمونە، نیگەرانی خۆی بەرامبەر بەم بڕیارە دەربڕیوەو بەمەترسی لەسەر ئازادیەکانی تاکەکانی لێکدەداتەوە.

کەمونە گوتویەتی:' هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە هەرچیەک بیەوێت بیکات، بەمەرجێک پێشێلی مافی بەرامبەرەکەی نەکات، گوێگرتن لە گۆرانیش مافی بەرانبەر پێشێل ناکات، هەڵواسینی جلی ژێرەوەی ژنان مافی هیچ کەسێک لەکەدار ناکات وهیچ کەسێکیش بریندار ناکات.

**بە دواداچوونی: کامەران**